
بەرەو

جیهانی رۆح

(هیپنۆتیزم)




عادل فەرهاد

چاپی یەکەم

2012

بەرەو جیهانی ڕۆح



نوسینی : عادل فەرهاد

٢٠١٢

گۆڕینی بۆ پەرتوو:نەیڤەن

ناوی کتێب: بەرەو جیهانی رۆح

نوسینی : عادل فەرهاد

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٢

شوێنی چاپ: چوارچرا

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە ٢٢٦٧ ساڵی ٢٠١١ پێدراوە

(بسم الله الرحمن الرحيم)

مرۆڤ ئەو بوونەوەرە موگناتیسیەیە بیر لە هەر جۆرە شتێك بکاتەوە و باوەڕی پێی هەبێ کە دەیگاتێ بە دڵنیاییەوە بەدەستی دێنێ،بەڵام جۆری هەوڵدان و خێرایی لە کۆششەکانیدا دوور و نزیکی کاتی سەرکەوتنەکانی دیاری دەکات،خوێنەری ئازیز ئەم نامیلکەیەی لەبەر دەستتدایە لە دەقی نامیلکە لانەدەی لە ڕاهێنانەکاندا وە دەبێ بەلایەنی کەمەوە دوو جار بخوێنرێتەوە پاشان دەست بەجێبەجێکردنی خەواندنی موگناتیسی و ڕاهێنانەکانی بکەی وە دڵنیات دەکەمەوە بە تەنیا خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیەی بەردەستت فێری خەواندنی موگناتیسیت دەکات لەماوەی (١٥) خولەك دا تەنانەت ئەگەر باوەڕیشت بەخۆت نەبێت یا خودا نەخواستە هەردوو چاویشت نابینا بێت ئەتوانم بڵێم ئەمە تەنیا دەروازەیەکی واڵاکراوی کوردییە بۆ خەواندنی موگناتیسی. لەبورانی کەموکوڕی نامیلکە سوپاستان دەکەم ئەوە تەنیا خودایە دوورە لە هەموو کەموکوڕییەك.

نوسەر/عادل فەرهاد

٢٠١١/٩/٢٩

هەڵەبجە

(هیپنۆتیزم)حاڵەتێکی بێ هۆشیە واتە وەك نوستن وایە تێیدا مرۆڤ لەلایەن کەسێکی دیکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

دوو جۆر خەواندنی موگناتیسیمان هەیە:

١-خەواندنی نائارەزوومەندانە.

٢-خەواندنی ئارەزوومەندانە.

یەکەمیان: واتە خەواندنی نائارەووەمەندانە. واتە ئەو کەسەی کە دەخەوێنرێت بە نائارەزوومەندانە لەلایەن کەسێکەوە دەخەوێنرێت کە بە ڕاهێنان گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی توانای خەواندنی زۆر بەهێزە ئەمەش هەروا بە ئاسانی مرۆڤ نایگاتێ. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە چەند ڕاهێنانێك بکەم کە مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی کە بە ئاسانی کەسەکان بخەوێنێت بە نائارەزوومەندانە.

(ڕاهێنانی یەکەم)

بۆ ئەوەی تواناى خەواندنمان بەهێزبێت دەبێت هەنگاو بە هەنگاو ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکەین.

أ-خاڵێکی ڕەشی تۆخ کە نە زۆر گەورە نە زۆر بچووك بە قەد بیلبیلەی چاو بێت ئەم خاڵە لەسەر پەڕەیەکی سپی بێ خەت و لە ناوەڕاستی پەڕەکەدا درووستی بکە.

ب-ئەو پەڕە سپییە بێ خەتەی کە خاڵەکەی لەسەرە بینوسێنە بە دیوارێکەوە ئەو پەڕە سپییە دەبێت (٢٠) سم پانی بێت.

ت-دەبێت بەرامبەر خاڵە ڕەشەکە دانیشیت باشتر وایە لە زەویدا دانیشی نەوەك لەسەر کورسی.

دوای ئەوەی کە ئەو خاڵەت جێبەجێکرد، دەبێت هەندێك هەنگاوی دیکە بگریتە بەر لەوانە.

أ- پیاڵەیەك ئامادەبکە و یەك کەوچکی بچووك خوێ تێبکە واتە بەم شێوەیە :

- پیاڵەی چا خواردن.
- بە کەوچکی چا یەك کەوچك خوێ.
- ئاوی سارد.

(تێکەڵاوکردنی)

دوای تێکەڵاوکردنی(ئاو+خوێ)کە چاوت بە کراوەیی دەخەیتە ناو پەرداخەکەوە بۆ ماوەی (٥) چرکە دوای چاوی ڕاست چاوی چەپ پاشان بۆ ماوەی (٥) خولەك، دوای ئەم ئاو و خوێیە دەبێت بۆ ماوەی (٥) خولەك هەردوو چاوەکانت داخەیت. دوای ئەم دەست بکە بە ڕاهێنان بەرامبەر بە خاڵە ڕەشەکە، با (٧٥)سم لێتەوە دووربێت وا باشترە جلوبەرگی خەوت لەبەردا بێت وە ئەم شوێنەی کە ڕاهێنانی تێدا ئەنجام دەدەیت با دەنگە دەنگی تێدا نەبێت لە ڕووی گەرما و سەرماوە با مامناوەند بێت، وا باشترە بە تەنها خۆت بیت هەردوو چاوو ڕووبکەرە خاڵە ڕەشەکە بێ چاو تروکاندن بزانە چەندت لە توانادایە چاو دانەخەیت بۆ نمونە ئەگەر یەکەم جار تا (١٥) چرکە چاوت دانەخست بەردەوام بە لەسەر ڕاهێنان تا سێ جار دوای ئەمە وازی لێ بهێنە تا (٤-٦) کاتژمێر دوای ئەم شێوەیە دەست بکەرەوە بە ڕاهێنان بەو شێوەی سەرەوە تا وات لێ دێت بۆ ماوەیەکی زۆر ڕاهێنان ئەنجام بدەیت بێ چاو تروکاندن. بۆئەوەی بتوانیت بە نائارەزوومەندانە کەسەکان بخەوێنیت، ئەم ڕاهێنانە دەبێت بە شێوازی هێمنانە بێت،

چونکە هەموو کەسەکان ناتوانن ئەم ڕاهێنانە ئەنجام بدەن، لێرەوە بەرەو پێش چوونی تۆ دەست پێدەکات لەم کارە دا دەبێت خۆڕاگر بیت بۆ ئەوەی بگەیتە ئەنجام.

(ڕاهێنانی دووەم)

بە هەمان شێوەی ڕاهێنانی پێشوو، بەڵام بۆ سەیرکردن ئەمجارە مۆمێك بەکاردێنی بە داگیرساوی سەیری ئەو مۆمە دەکەیت دەبێت هەموو ئامێرە ڕۆشن کەرەوەکان بکوژێنیتەوە جگە لەو مۆمە. نابێت ڕۆشنایی هەبێت لەو شوێنە دا، ئەم ڕاهێنانە لەسەر شێوازی پێشوو ئەنجام دەدەیت و دەبێت ئەو مۆمە یەك مەتر لێتەوە دوور بێت، دوای ئەم ڕاهێنانە پشوویەك بدە دوای پشووەکە بەردەوامبە لەسەر ڕاهێنان.

(ڕاهێنانی سێیەم)

سەیرکردنی مانگ بە شەودا ئەم ڕاهێنانە زۆر ئاسانە هەموو کەسەکان دەتوانن ئەنجامی بدەن ئەم ڕاهێنانەش لەسەر شێوەی پێشووە.

(ڕاهێنانی چوارەم)

سەیرکردنی خۆرە کە ئەم ڕاهێنانە باوکی ڕاهێنانەکانە بە نیو کاتژمێر پێش ئەوەی خۆر ئاوابێت لەم کاتەدا خۆر تینی نامێنێت، ئەمەش پێویستی بە وردەکاری هەیە لە ڕووی سەیرکردنەوە واتە لە چرکەوە دەست پێ بکە تا چەند دەتوانیت سەیربکەیت وە دەبێت بەردەوام بیت لەسەری بۆ ئەوەی بتوانیت سەرکەوتووبیت، بزانە ڕۆژی یەکەم چەند دەتوانیت تا ڕۆژی دووەم و سێیەم و چوارەم بۆ نمونە ئەگەر لە هاویندا کاتژمێر (٧) خۆر ئاوا بوو ئەوا تۆ لە (٦:٣٠) خولەکەوە دەست پێ دەکەیت بۆ ڕۆژی دواتر لە (٦:٢٥) خولەکەوە دەست پێ دەکەیت وە بۆ ڕۆژی دواتر لە (٦:٢٠) خولەکەوە بۆ ڕۆژی دواتر لە (٦:١٥) خولەکەوە دەست پێ دەکەیت، ئەمانەی سەرەوە چەند ڕاهێنانێك بوون بۆ ئەوەی بتوانیت زۆر بە ئاسانی کەسەکان بخەوێنیت زیاتر

سەرکەوتوو دەبیت، سەرەڕای ئەم ڕاهێنانە چەند ڕاهێنانێکی تر هەیە دەبێت جێبەجێ بکرێت کە زۆر گرنگن ، لەوانە
(کەم خواردن، ئارامگرتن، کەم خەوتن، کەم گۆیی)
ئەوەی لەسەرەوە کە ئاماژەمان پێدا لە هەرە گرنگی ڕاهێنانەکان بۆیە باشتر وایە دوو جار زیاتر ئەم نامیلکەیە بخوێنرێتەوە پاشان دەست بە ڕاهێنان بکەیت.

خەواندنی ئارەزوومەندانە

خەواندنی ئارەزوو مەندانە، سەرەتا دەبێت پرسی رازی بوون لەو مرۆڤە وەربگیرێت کە دەتەوێت بە خەوی موگناتیسی بیخەوێنیت.
لێرەدا دەبێت چەند خاڵێك هەیە جێبەجێ بکرێت وەکو:
١-دەبێت ئەو کەسەی دەخەوێت ڕازی بێت و لەسەر ویستی خۆی بێت.
٢-متمانەی تەواوی هەبێت بە کەسی خەولێخەر.
٣-نابێت ترسی هەبێت کاتێك دەخەوێت.

٤-دەبێت تەمەنی ئەو کەسەی کە دەخەوێت لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

٥-وە زۆر پیریش نەبێت.

٦-دەبێت نەخۆشی پەرکەم یا بوورانەوەی لەگەڵدا نەبێت.

٧-باشترە دوو کاتژمێر پێش نان یاخود دوو کاتژمێر پاش نان خواردن بێت.

لە خەواندنی ئارەزوومەندانەدا (تەڵقین) بە بنەمای سەرەکی دادەنرێت، کاریگەرترین تەڵقین (قورئانی پیرۆزە) هەندێك (تەڵقین)ی لاوەکیشمان هەیە وەکو (موزیك،شیعر،گۆرانی،وە شەپۆلەکانی کارۆ موگناتیسی،وە کتێب خوێندنەوە جۆرێکی تری (تەڵقین)ە.

کاتێك دەتەوێت بە ئارەزوومەندانە یان نائارەزوومەندانە کەسێك بخەوێنیت باشتر وایە ئەم ڕێگایانە بگریتە بەر:

١-شوێن لە ڕووی جێگەوە دەبێت بەدڵی (خەولێخراو)بێت.

٢-ئەو شوێنە دەبێت کەمێك مەیلەو تاریك بێت.

٣-ڕەخساندنی جێگەیەکی هێمن.

٤-کەشێکی پاك بێت واتە هەوای پاك بێت.

٥- پۆشینی جلوبەرگی خەو.

٦- پاك بوونی جەستەی خەولێخەر و خەولێخراو.
٧-لە ڕووی گەرما و سەرماوە مامناوەندبێت.
دەبێت ئەم خاڵانەی سەرەوە جێبەجێ بکەیت تا سەرکەوتووبیت لە خەواندنەکەدا.

سەرەتای بە کرداریکردن:

١-بەناوی خواوە دەست پێ دەکەیت.
٢-ئەو کەسەی کە دەیخەوێنی پرسیاری لێ دەکەیت بزانی حەزدەکات لەسەر (کورسی) یان بە (ڕاکشاوی)لەسەر زەوی یان هەر چۆنێك خۆی ئارەزووی بێت.
٣-دەبێت کەسی بەرامبەر بڕوای بەم کارە هەبێت.
٤-سەرەتا پێی دەڵێیت کە بە لوت هەناسەی زۆر قوڵ هەڵمژە و چەندت لە تواناداهەیە لە سییەکاندا بیهێڵەوە پاشان لەسەرخۆ بەدەم هەناسە بدەرەوە وە (١٥) جار ئەم هەناسەیە بەم شێوەیە هەڵمژە و بە دەم هەناسەکە بدەرەوە پاشان پێی دەڵێیت بە هەردوو چاوت سەیری لوتت بکە بەبێ ئەوەی چاوت بتروکێنی تا چاوەکانت ماندوو دەبن کە چاوەکان ماندوو بوون با چاوەکانی دا بخات لەم کاتەدا پێی دەڵێیت ئیتر بەهیچ


شێوەیەك مەجوڵێ بە شێوەیەكی دڵسۆزانە بە دەنگێكی كەمێك نزمەوە دەست بكە بە (تەڵقین).

شێوەی (تەڵقین)

تەڵقین: لە وشەی (طللقة)ی عەرەبیەوە وەرگیراوە بە واتای دەرچوون كاتێك كە (ین)ی دەچێتە سەر دەبێتە دەرچوونی زانیاریەك كە بەبێ بیركردنەوە وەردەگیرێت، ئەگەر تەمەنی لە (١٠-٢٠)ساڵ بوو لە ژمارە (١-٧٠)حەفتا دەژمێری، ئەگەر لە (٢٠) ساڵ زیاتر بوو ئەوا لە (١-١٠٠) دەژمێری ئەگەر پێویستی كرد (١٥) ژمارەی تریشی بۆ زیاد دەكەی كە لە دواییدا بەڕوونی باسی دەكەین، بە شێوەیەكی هێمن و بە دەنگێكی نزمەوە پێی دەڵێیت ئێستا من هەر وشەیەك كە دەیڵێم لە جەستەی تۆدا دەبێتە كرداری هەر (تەڵقینێكیشت) دەدەمێ بەبێ بیركردنەوە وەریدەگریت ئێستاش لە ژمارە (١)ەوە دەست پێ دەكەم تا ژمارە (١٠٠) ئەگەر تەمەنی لە (٢٠) ساڵ زیاتر بوو وردە وردە لە نوكی پە نجەی پێیەكانتەوە جەستەت خاودەبێتەوە وە دەڵێیت بە زوویی توانای جوڵانت نامێنێت هەست بە حەوانەوەیەكی زۆر بەچێژ دەكەیت، كاتێك دەڵێیت (١)سێ جار بەقەد ژمارە یەك بوەستە، كاتێك دەڵێیت

گۆرینی بۆ پەرتوو:نەیڤەن

(٢) بەقەد سێ جاری دوو بوەستە بەم شێوەیە لەسەر خۆت ژمارەکان دەژمێری جەستەی دابەش دەکەیت بەسەر ژمارە (١٠٠) دا وەك لەم وێنەیە دا دیارە



بە پێی ئەم ژمارانە بە شێوازێکی زۆر جوان تەڵقینی دەکەین کە ئێستا زیاتر هەست بە حەوانەوە دەکەین وەکو کەسێکی لەش ساغی چالاکی بە کەیفی کەسێکی سەرکەوتووی خۆشەویستی لەناو خەڵکدا وە کەسێکیت توانای چارەسەری گرفتەکانت هەیە کەسێکی زیرەکیت کەسێکی لێهاتوویت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەم شێوەیە تەڵقینی دەکەین بە شێوەیەکی زۆر بەرزی دەروونی پاشان دەست دەکەینەوە بە ژمارە ژماردن بەشێوازێکی زۆر زۆر وریا بەدەنگێکی نزمتر لە پێشوو و کاتێك گەشتینە ژمارە نەوەد بڵێ لە ژمارە (٩٠)ەوە

دەژمێرم تا ژمارە (١٠٠) ئیتر دەچێتە خەوێکی زۆر خۆش کاتێك لە ژمارە (٩٠) دەست بە ژماردنی ژمارە دەکەم تا دەگەمە ژمارە (١٠٠) رووناکییەك دەبینی لە دوورەوە بەرەبەرە رووناکیەکە زیاد دەکات لەم کاتەدا بەشێوازێکی نەرم پرسیاری لیٚ بکە بلیٚ ئەو رووناکییە دەبینی؟ پیٚت دەلیٚ بەلیٚ ئەگەر وتی بەلیٚ ئەوە چووەتە خەوی موگناتیسیەوە پیٚی بلیٚ برۆ بۆ لای گلۆپەکە کاتێك بەرەو گلۆپەکە دەکەوێتە ڕیٚ پیٚی بلیٚ لەو دەرگایەوە برۆ ژوورەوە کە ڕووی لای تۆیە پیٚی بلیٚ چوویتە ژوورەوە؟ ئەگەر وتی بەلیٚ پیٚی بلیٚ لە دەرگاکەی ترەوە برۆ دەرەوە ئەگەر چوو ئەوا دەتوانی لەلای ئەو دەرگایەی کە ناردووتەتە دەرەوە سەیارە یان فرۆکە یان کەشتی، هەر شتێك خۆت پیٚی بلیٚ ی ئەو بەگوێت دەکات و دەینیٚری بۆ ئەو شوێنەی کە خۆت دەتەوێت بچیٚت. ئەوەی لیٚرەدا گرنگە دەبیٚت وابزانی بەڕاستی لەگەڵیدا گەشت دەکەیت واتە نەهێلی زیانی پیٚ بگات، بۆ نموونە بە پیٚ مەینیٚرە بۆ شوێنە دوورەکان کە برسی بوو با بڕوات لە چێشتخانەدا نان بخوات بەهەمان شێوە بۆ شتی تر، پیٚش ئەوەی باسی چۆنیەتی هێنانەوەی بکەین هەندیٚ جار کاتێك دەگەیتە ژماردنی ژمارە (١٠٠) بەو کەسە دەڵێیت خەوتوویت؟ دەلیٚ نەخیٚر، لیٚرەدا نابیٚت وابزانی کە

نەخەوتووە پێی بڵێ هەستە برۆ پاش کەمێك ئەگەر وتی ڕۆشتم ئەوا خەوتووە، بەڵام لەم کاتەدا ئەو هەستی خەوتووە نەستی بەخەبەرە بۆیە وانازانێ کە خەوتبێ وە جاری واش هەیە ژمارە (١٠٠) تەواو دەکەین پێی دەڵێیت ئەو روناکیە دەبینی وەڵام ناداتەوە دوو سێ جار پرسیاری لێ بکە بەنەرمی، ئەگەر وەڵامی نەدایەوە ئەوە ئەو تەلقینە کە کردووتە دەمارەکانی دەم و لێوی خاو بوونەتەوە توانای وەڵام دانەوەی نەماوە لەم حاڵەتەدا بەهێواشی پەنجەیەکت بهێنە بە لووتیدا بۆ ئەوەی بەئاگا بێتەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی تۆدایە. باشتر وایە کاتێك گەیشتیتە ژمارە (١٠٠) لە (٣) چرکەوە تا (١٥) چرکە بوەستێ وە لەمە زیاتر نەوەستیت لەسەری، چونکە دەچێتە خەوی ئاساییەوە وە پاشان پرسیاری لێ دەکەیت ئەو رووناکیە دەبینی؟

کاتێ ووتی رووناکی نابینم وە بەشێوەیەك لەشێوەکان خەوی موگناتیسی پێوە دەرنەکەوتبوو کە لە دواییدا باسی دەکەین ئەوا لەم کاتەدا دەتوانیت (١٥) ژمارەی تر بژمێری، بڵێی ئێستا لە ژمارە (١ تا ١٥) دەژمێرم هەموو لەش زیاتر خاو دەبێتەوە وە سەرت قورس دەبێت بە جۆرێك کە دەنوسێ بە سەرینەکەوە بە دڵنیاییەوە دەچێتە خەوێکی خۆشەوە دەتوانی

ئەم کردارە چەند بارە بکەیتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە سەروو (٤٠) سالْیەوەیە بەم شێوەیە بەردەوام دەبیت تا دەچێتە خەوی موگناتیسیەوە.
پاش ئەوەی ئەو گەشتەی کە بردبووت بۆ ئەو شوێنانە کە خۆت مەبەستت بوو پێی دەلْێت وەرەوە ئەو شوێنەی کە راکشابووی، پێی دەلْێت هاتیتەوە ئەم شوێنە راکشایتەوە ئەویش دەلْێت بەلْیْ. بەشێوازێکی زۆر جوانی مرۆڤانە (تەلْقین)ێکی دەروونی باشی بکە پاشان پێی بلْیْ ئێستا لە ژمارە (١٥)ەوە دەژمێرم تا ژمارە (١) ئیتر جەستەت وەك خۆی لیْ دێتەوە وەکو کەسێکی زۆر دلْخۆشی زیرەك بەشێوازێکی زۆر هێمن ژمارەکان بە لەسەرخۆیی دەژمێری کاتێك گەیشتیتە ژمارە (١) پێی دەلْێت ئێستا دەتوانیت چاوەکانت بکەیتەوە وە جەستەت بجولْێنیت لەسەری دەوەستیت تا خۆی لەشی دەجولْێنێت وە چاوەکانی دەکاتەوە باشتر وایە تا (٢) خولەك وازی لیْ بهێنریْ و پرسیاری لیْ نەکریْ، باشتر وایە پەرداخێك ئاو یان هەر شلەیەکی دیکەی بدرێتیْ بەلْام کاتی وا هەیە لە ئەنجامی ماندوو بوونێکی زۆر لە گەشتەکەیدا لە ژمارە (١٥)ەوە بۆ (١) دەژمێری بەلْام ئەو ناگەڕێتەوە بۆیە باشتر

وایە لێی گەڕێی تا بۆخۆی بخەوێتەوە پاش کەمێکی تر بهێنرێتەوە.

نیشانەکانی خەوتنی موگناتیسی

١. گۆڕانی ڕەنگی دەموچاو هەندێ جار سوور دەبێت.
٢. هەناسەی دەگۆڕێ و بەرزو نزم دەکات.
٣. جوڵاندنی بیلبیلەی چاوی لەژێر پێڵوەکانیەوە.
٤. لەهەندێ جاردا وشك بوونەوەی لێو یان زەرد هەڵگەڕانی.
٥. خاوبوونەوەی لەشی، وەك بێ گیانی لێ دێ.

سودەکانی خەواندنی موگناتیسی

١. لەبواری ئابووریدا.
٢. لەبواری رامیاریدا.
٣. لەبواری زانستیدا.
٤. پێشبینی کردن.

سەرچاوەکان:

١-اسرار خود هیپنوتیزم
صمد ولیزاده
٢-خۆ پرۆگرام کردن لەڕێگەی خەونی دەستکردەوە
نوسەر: بەختیار أحمد صالح
٣-سیخوڕی کردن بە ئامێری سیخوڕی
بەرگی دووەم، ئاماژ جاف
٤-خەواندنی موگناتیسی بە تەڵقین
د. ابراهیم فەقێ
٥- پاراسایکۆلۆجی ڕێگای فێربوون و بەکارهێنانی
ئاماژ جاف


*ئەگەر دەتەوێت ببیتە خەوڵخەرێکی سەرکەوتووی موگناتیسی.

*تەنانەت ئەگەر باوەڕیشت بەخۆت نەبێت لەڕێی ئەم نامیلکەوە دەتوانیت ببیتە مرۆڤێکی خەولێخەری موگناتیسی.

*خودا نەکردە ئەگەر هەردوو چاویشت نابینا بێت دەتوانیت ببیتە مامۆستای خەواندنی موگناتیسی.

Powered by na0an

2015-11-10



لەم نامیلکەدا:
هیپنۆتیزم چیە؟
جۆرەکانی چین؟
ڕاهێنانەکان

نرخ: 1500 دینار